# بورکانێک لە چاوەڕوانی تەقینەوەدا

هیوا قادر

نارەزایی گەنجانی بەردەرکی سەرای سلێمانی، پەتاتەیەکی گەرم نییە ئەم دەست بیدات بەو دەست تا ساردبێتەوە، وەڵام نەدانەوە و کات درێژکردنەوە بۆ دەستخەڕۆ کردنی ئەم داوایانە وەک ئەوە وایە تۆ بە خۆڵ سەری بورکانێک دابپۆشیت، کە ئێستاش نەبێت ڕۆژێک دێت تەقینەوەیەکی گەورە بتەقێتەوە. ئەمەی تا ئێستا ڕوویداوە، تەنها سوتانی فتیلی بۆمبێکە کە هێشتا نەگەیشتووە بە خودی بۆمبەکە و نەتەقیوەتەوە. ئەو ئیرادە سیاسیەشی بتوانێت ئاگری ئەم فتیلەیە بکوژێنێتەوە دواڕۆژی سیاسی ئەباتەوە، گەر نا ئەوا خۆی و کۆمەڵگەی کوردیش پێکەوە ئەخاتە ناو ئەو ئاگرەوە.
بەباری گشتیدا تێنەگەیشتنی دەسەڵات لەم مەترسییە و بچوککردنەوەی بۆ ناو یارییەکانی ئۆپۆزیسیۆن و دەستی دەرەکی، هەروەها بە باری تایبەتیشدا دروستکردنی وێنەیەکی دەستەئەنقەستی میدیای دەسەڵات بۆ ئەم دۆخە و گیرۆدەبوونی پێوەی، وائەکات ئومێدی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەرەو ئاڵۆزی بچێت. ئەم گوێنەگرتنەی ئێستای دەسەڵاتیش وەک دەستگرتنی کەسێک وایە بە گوێچکەیەوە لە بەردەمی بۆمبێکدا کە تەقینەوەکەی مسۆگەرە.
میدیای دەسەڵات و هەندێک جار میدیای ئۆپۆزیسیۆنیش، دەورێکی زۆر خەتەرناک ئەبینین لە بەئاڕاستەبردنی شەقام بۆ ئەو تەقینەوە گەورەیە، چونکە هەم دەسەڵات توانای تێگەیشتن و بینینی نییە، هەم ئۆپۆزیسیۆنیش تای گەرمی شەقام هەمووی بە گەرمی جەستەی خۆی ئەزانێت. شەڕی ئاشکرای دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لە ئێستادا پیشاندانی هیزی هەوادارانی خۆیانە لەسەر شەقام، بەڵام سەرباری هەموو ئەو یارییە دیار و نادیارانە تا ئێستا شەقام هی هیچ کام لەو دوو هێزە نییە، هۆکەشی ئەوەیە کە هێزێکی تر بۆ یەکەمجار لە مێژووی سیاسی ئەم وڵاتەدا ڕاستەوخۆ ئامادەیی هەیە کە ئەویش هێزی ڕۆشنبیرانیەتی، ئەم قۆناغە قۆناغی چەسپاندنی بینینی پایەی ڕاستەقینەی ڕۆشنبیرانە لەدەرەوەی تەماحی باوی حیزبایەتییەوە. ئەگەرچی ئەمرۆ ڕۆژی کەوتنی دەموچاوی درۆزنانەی هەندێک لە ڕۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندانی ئەم وڵاتەیە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا ساتی مێژوویی دەرکەوتنی ئەو هێزە ڕۆشنبیرییە کارایەیە کە توانایەکی گەورەی لە ڕەخنەگرتن و هێنانەکایەی هۆشیارییەکی گشتیدا هەیە.
لەبەرامبەریشدا ماشێنە خەتەرناکەکەی دەسەڵات کە میدیایە لە یەک کاتدا بەهەردوو ئاڕاستە خەتەرناکەکەی و نەزانانەکەی کارئەکات، یەکەمیان ئامادەکردنی هەوادارانی حیزبە دەسەڵاتدارەکانە بۆ ئەگەری هەر پێشهاتێک کە خەتەربێت لەسەر بوونی ئەوان، دووهەمیشیان بەخەبەرهێنانەوەی ئەو یادەورییە مێژووییەیە لای ئینسانی کورد، کە ڕۆژگارێک میدیای حیزب دەستێکی گەورەی لە هەڵگیرسان شەڕەکاندا هەبووە. بەگشتی میدیای دەسەڵات لەم دۆخەدا هێندە کاریکاتێریانە و شپرزەیە لە ئینسانێک ئەچێت لولەی تفەنگەکەی خستبێتە سەر سەری خۆی و پێیوابێت تەقە لەوەی بەرامبەر ئەکات. ئەم جۆرە کارکردنەی میدیا هێندەی تر ئەو بۆشاییە سەرەتانییە لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتدا گەورەئەکات کە کۆمەڵگەی کوردی خستۆتە ناو ئەم قەیرانە سیاسییەوە، هەروەها کێرڤی ئەو توڕەبوونە لە شەقامدا بەرز ئەکاتەوە کە تا ئێستا دەسەڵات ناتوانێت تێیبگات.

ئێمه لەم ساتە مێژووییەدا لە کۆمەڵگایەکدا ئەژین کە باسکردن لە دیموکراسییەت وەک باسکردن لە خودای لێهاتووە، هەمووان باسی ئەکەن و کەسیش نایبینێت. بەڵام دیموکراسیەت خودا نییە، بەڵکە کار و بەرنامە و قبوڵکردنی یەکترییە.